هەشت کەس گیانیان لەدەستدا لە دوو تەقینەوەی ئەتەمبێلی جیاوازدا لە باکوری سوریا

ڕۆژی یەکشەممە هەشت کەس کوژران لە دوو تەقینەوەی ئەتەمبێلی جیاوازدا لە باکوری سوریا.

ڕەکخراوی سوری بە چاودێری مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاند، "ئەوارەی ڕۆژی یەکشەممە ئەتەمبێلێکی بەمبۆژکراو لە دەرەوەی دوکانێکی چاککردنەوەی ئەتەمبێل لە گوندی شاوە تەقییەوە"، کە ناوچەکە بەشێکە لەو پارچە سنوورەی کە لەلایەن تورکیا و لایەنەکانی سەر بە تورکیاوە کۆنترۆکراوە، بەپێی وتەی دانیشتوانی ناوچەکە بە ئاژانسی فرانس پرەس.

بەهۆی تەقینەوەی ئەتەمبێلێکی بەمبۆژکراو لە گوندی شاوە پێنج هاوڵاتی مەدەنی کوژران، لەنێویاندا سێ منداڵ، هەروەها لە تەقینەوەکەدا 10 کەسی دیکەش بریندار بوون.

جێی ئاماژەیە کە لە ماوەی ڕابردوو ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی تورکیا و لایەنەکانی سەر بە تورکیا لە باکوری سوریا ئاژاوەی ئەمنی و کوشتن و پێکدادان لە نێوان گروپە چەکدارییەکاندا بە چەی ڕووداوەکان، و تا ئێستا هیچ گروپ و لایەنێک بەرپرسیارەتی خۆی لە تەقینەوەکەی ڕۆژی یەکشەممەی ڕانەگەیاندووە.